# دوای ئەو



نەبەز گۆڕان



وەک لقێکی وشک بێ سەمەرم
سەرم ئەڵێی گۆزەی بابلیەو
دەستم وەک موعتادێک ئەلەرزێ
پشتم  چەماوەتەوەو
گۆچانێک نیە ڕاستمکاتەوە
خەمی سپیەتی قژمی تەنیوەو
دڵەکوتێمە بۆمردن

دوای ئەو
وەک کۆترێک گمەم دێ لەغەریبی
چاوم کزبووەو
رێگەکانی عومرم نادۆزمەوەو
خەتەکانی سەر تەوێڵم شێواون
زوو زوو ئەچمە مەیخانەو
درەنگ درەنگ دێمە دەر
وەک پایز ڕوتوو ڕەجاڵم
نە بایەک هەڵئەکا، نە کزەیەک
نە دەنگی دەرگاکەم دێ و نەچرپەی میوانێ
دایم بەتەنیام



ئەگەر بێتەوە
ئەچمە بەر ئاوێنەکەو تێر تەماشای خۆم ئەکەم
جوان خۆم ئەشۆم و
عەتر ئەپژێنمە لاملم
باوەشم ئەکەمەوە تائەوپەڕی زەوق
بەدەنگی بەرز
ئەچمە حزوری سێبەری و باسی
دڵمی بۆئەکەم
کەلوپەلەکانم کۆئەکەمەوەو
کتێبەکان ریز ئەکەم
کومبارەکەم ئەتەکێنم و
رۆحم تازە ئەکەمەوە
دەموچاوی حەوشەکە ئەشۆم و
ئەدەمە بای باڵی ئیحساس

ماڵەکەی من زۆر چڵکنە
خۆشم ئەوەنە سەرقاڵم نامپرژێت بەسەر ژیانەوە
ئەوەندەش بێ کارم لەشاعیر ئەچم
برێکجاریش سەری دنیا ئەچنم بەوشە
بەگۆرانی
بەگوێ گرتن لە گریان

ئەگەر بێتەوە
وەعدبێت خۆم رێکخەم
جلەکانم بشۆم و
کەم قسەبکەم
درەنگ توڕەببم و
زۆر پێبکەنم
ئەلبومەکەم پڕکەمەوە لەتاڵی قژی و
فەزای عومرم بگۆڕم
باخچەی حەوشەکەی شار رێکخەم تالەخۆم نەچێت
شپرزەییم بدەم بەسەر ڕانیداو
سەیری نێوچاوانی بکەم
نامەیەک بنێرم بۆ خوشکەکانم پڕ لە پێکەنین



ئەگەر بێتەوە
خەبەر ئەنێرم بۆدایکم
وەکجاران نابم
قژم دائەهێنم و سەیری کەس ناکەم
بەرەڵاییم ناخەمە ناو کۆڵانەکانەوەو
خۆم نادەم بەدەست تەنیاییەوە
شەوان بەدیار گریانەوە دانانیشم
زۆر ناچمە چاخانەو جگەرە تەرک ئەکەم
لەبری کتێبەکان
سەیری دیدەی ئەو ئەکەم

ئەگەر بێتەوە
ئەم بەهارە ئەچمەوە بۆگوند
دەستی باوکم ماچ ئەکەم و
دوعائەکەم باران بباریّ
نەکا باخەوانەکە دڵی بشکیّ
سەیری چاوی دایکم ئەکەم
هەرچۆن سەیری ئاسمان ئەکەم
دەست ئەکەم بەگیرفانما
پێکەنینێک ئەدەمە دەست خوشکەکەم
سەرێک لەماڵی نەنکم ئەدەم
نەکا مردبیّ
هەنارێک ئەگرم بەدەستمەوەو
بیری مناڵیم ئەکەم
لەسەر حەوزەکەی ماڵی شێخ ئەوەستم و
هەواڵی یاریکردن ئەپرسم
بەردێک ئەگرمە دارتوەکەو
چی چۆلەکەی مناڵیم هەیە ئەدەن لەشەقەی باڵ
مناڵیی نیشتیمانە
لەوبەری چۆمەکەوە بانگی هاورێکانم ئەکەم
تۆپەڵێک ئەگرمە ماڵە دراوسێکەمان و
کۆڵان پڕئەبێت لەقسە
لەبەر هەیوانەکە پاڵ ئەدەمەوەو
تاعەسرانی عومر هەڵناسم
لەسەر حەسیرەکە ڕائەکشێم و

دڵتەنگیم ئەدا لەفڕین
نە دەموچاوم ئەدەم بەیەکاو
نەلۆمەی تەنیایی ئەکەم
بەیانیان زوهەڵئەستم و
ئێوارانیش زوو ئەخەوم
کەخەبەری میوانێک هات
بانگی خوشکەکەم ئەکەم قومێ ئاومان باتێ
بەرلەوەی هاوین بێت
ئەو دێتەوە
بەرلەوەی دەموچاوم بدا لەپیریی
ئەو دێتەوە

ئەگەر نەیەتەوە
دەچمەوە بۆ یەکەمین ئاواز
مێزەرێک بەسەرمەوە ئەبەستم وەک " سەید"(١)
بۆ یەکەمین بەیت لە گوندی " ماڵی ئاوا"(٢)
بۆ یەکەمین کوشتن لەبناری " دیۆانە"(٣)
یەکەمین ڕەنگ لەحەوزەکەی ماڵی " مەولانا"(٤)

دەچم لەحەوشەکەی سەدەی هەژدەوە
تەماشای وەتەن ئەکەم لەسینەی "حاجیا" (٥)
لەسەر کورسیەکەی خان دائەنیشم
"شەرەفی" مێژوو ئەخوێنمەوە(٦)
کتوپڕ وەنەوز ئەمباتەوەو لەخانەقایەکا
"مەحو" دەبم بۆکورد(٧)
بەرلەوەی دەمەو عەسرانێ هەڵکا
بەمناسەبەتی ڕوخان هەواڵی "شێخ" ئەپرسم(٨)
نەقیتارێک لە هەورامانەوە دێ و
نە خەونی "جافێ" دەبێتە گۆزە(٩)

گەر نەیەتەوە
ئەگەڕێمەوە بۆسەدەی نۆزدە
لەنێو بێدەنگی خواکانا
بۆ ماڵی "خان"(١٠) ئەگەڕێم
بۆ وشە ئەگەڕێم
بۆ غەریبی ئەگەڕێم
پەلکە گیایەک ئەگرم بەدەستمەوەو

هەواڵی "قازی" (١١) ئەپرسم،
هەواڵی کورد ئەپرسم.
کتێبەکان ئەگرم بەباوەشمەوە
تائەوپەڕی تەڕ بوون
تا ئەوپەڕی ماندوبوون
ئەکەومە شوێن " مەلایەک"(١٢)
ئەکەومە شوێن گەریدەیەک
ئەکەومە شوێن کوردێک

ئەگەر نەیەتەوە
سەرێک لەماڵی سەدەی بیست ئەدەم
بە لم خۆم دائەپۆشم وەک "عەرعەر"(١٣)
بەدڵ خۆم دائەپۆشم وەک تۆ
خۆم ئەگرم نەکا بخنکێم
خۆم ئەگرم نەکا پەشیمان ببمەوە

ئەگەر نەیەتەوە
من ئەڕۆم
دوور لەکورد
دوور لەماڵی خۆمان
دوور لەهەتاو
دوور لەخۆر هەڵات
بەغەریبی ئەمرم

**تێبینی و پەراویزەکان:**

١ ـ گەڕانەوەیە بۆ ئەسڵ، بۆ دەنگی سەید عەلی ئەسغەر.
٢ ـ تەماشاکردنی گوندی ماڵی ئاوای حەبیبەی نالییە بەچاوی وشەوە.
٣ ـ نائومێدییە بەدیار خۆکوشتنەکەی وەلی دیوانەوە.
٤ ـ رەنگکردنی شیعرە لەحەوشەکەی ماڵی مەولاناخالیدی نەقشبەندی.
٥ ـ دۆزینەوەی وەتەنە لەسینەی حاجی قادری کۆییدا.
٦ ـ دانیشتنە لەسەر کورسی شانشین بەدیار خوێندنەوەی شەرەفخانی بەدلیسییەوە.
٧ ـ خۆونکردنە لەناو بەیتێکی مەحویدا کە پڕە لەکورد بوون.
٨ ـ هەواڵی هەڵکردنی گەڕانەوەی شێخ مەحمودە.
٩ ـ دوای خەونەکەی ئەحمەد موختارجاف قیتارێک لەهەورامانەوە نەهات.
١٠ـ گەڕانە بەناو تەرمی فیرعەونەکانا بۆ وشەکانی خانەوادەی بەدرخانەکان.
١١ـ کوشتنی قازیی محەمەدە بەدەستی پەلکە گیایەک.
١٢ـ چوونە بەشوێن جێپێکانی مەلامستەفادا بۆ غەریبی.
١٣ـ هەڵدانەوەی تۆزی عەرعەرە لەسەر تەرمی ئەنفالکراوەکان.